ئەگەر پێویست بوو ئێوە دەتوانن لە خزمەتگوزاریی وەرگێرانی زارەکی کەڵک وەرگرن. کاتێ کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە رێکدەخرێت، تکایە ئێمە لە پێویستی خۆتان بۆ وەرگێری زارەکی ئاگادار بکەنەوە. پاشان کارگێرانی چاودێریەکانی تەندروستی بۆ ئامادەبوونی وەرگێری زارەکی لە کۆمپانیایەکی وەرگێران کاری پێویست جێبەجێ دەکەن.

## ئەگەر لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی رازی نین

ئێمە دەمانەوێت کە ئێوە چاودێریی تەندروستی زۆر چاکتان هەبێت و ڕەزامەندیتان هەبێت. هەر بەم هۆیە زۆر گرنگە پێمان بڵێن کە چ شتێک چاکەو چ شتێک پێویستی بە چاکەوکردنەوە هەیە.

**لەگەڵ کارگێرەکان قسە بکەن**

بابەتەکە لەگەڵ ئەو کارگێرانەی کە چاودێریتان لێدەکەن یان لەگەڵ بەرێوەبەرەکە بهێننە گۆرێ.

**هەندێ سفارشت و یارمەتی لە کۆمیتەی ڕاوێژکاریی نەخۆشەوە (Patient's Advisory Committee)**

ئەگەر کێشەکە نەدەکرا چارەسەر بکرێت، ئێوە یان کەسێ لەلایەن ئێوەوە دەتوانێت پەیوەندی بکات بە نووسینگەی کۆمیتەی ڕاوێژکاریی نەخۆش. ئەم کۆمیتەیە بەو کەسانەی کە بیروڕا یان ڕوانگەیەکیان لەسەر چاودێری تەندروستی لە ئەنجومەنی ناوچەکە (بەتایبەت خزمەتگوزاریی Swedish Public Dental Service) یان شارەوانیەکان هەیە، یارمەتی و پشتگیری پێشکەش دەکات. کۆمیتەی ڕاوێژکاریی نەخۆش بەتەواوەتی نهێنییە.
کۆمیتەی ڕاوێژکاریی نەخۆش بەپێی یاسا دەبێت:

- پێوەندی نێوان نەخۆش و کارگێرانی چاودێری تەندروستی بەرز بکاتەوە
- زانیاریی پێویستی نەخۆشەکان و خزمانی ئەوان لە پێوەندی لەگەڵ بەرژەوەندیەکان و بارودۆخی چاودێری تەندروستی ئەوان پێشکەشیان بکات.
- پێوەندی نەخۆشەکان لەگەڵ بەرپرسانی پێوەندیدار دامەزرێنێت.
- بە ڕاپۆرتی سکاڵاکان، رەخنە گرتنەکان و پێشنیارەکانی هاووڵاتییان بۆ بەرپرسە جیاوازەکان، خزمەتگوزاریی چاودێریی تەندروستی چاکتر بکات.

## پێشکەشکردنی سکاڵا بۆ لێژنەی نیشتمانی تەندروستی و ئاسوودەیی

ئێوە دەتوانن شرۆڤەی سکاڵاکەی خۆتان بنێرن بۆ لێژنەی نیشتمانی تەندروستی و ئاسوودەیی سوید. ئەوان ئەرکی ئەوەیان لەسەر شانە کە سکاڵاکانی پێوەندیدار بە چاودێریی تەندروستی، پزیشکی و پزیشکی ددان و کارگێرانێ کە لەم بوارەدا خەریکی چالاکین لێکبدەنەوە. بۆ نووسینی سکاڵا ئاماژەکردن یان زانینی ناوی کەسێ کە لە جێبەجێ کردنی کارێکدا تووشیاری هەڵە بووە یان گوتنی هۆی سەدەمە و زیان پێویست نییە. لێژنەی نیشتمانی تەندروستی و ئاسوودەیی جگە لە کاری کەسی لەبەرچاو گیراو بە گشتی بابەتەکە لێکدەداتەوە. رەوتی لێکدانەوە، بابەتی سەرەکی هۆدۆزینەوەی کێشە و ئەو رێکارانەی کە دەبێت بە مەبەستی بەرگیری لە ڕوودانی سەرلەنوێی ئەوە جێبەجێ بکرێن لەبەر دەگرێت. بەمجۆرە چاودێریی پزیشکی دڵنیاتر دەبێت. لەبۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆرتر لەم بوارەدا پەیوەندی بکەن بە فەرمانبەری ئەنجومەنی پشتگیریی لە نەخۆشەکان (Patient Board Officer).

Socialstyrelsen
Enskildas klagomål
106 30 Stockholm

ناونیشانی ئینتەرنێتی www.socialstyrelsen.se/klagapavarden

سەرنج بدەن کە ڕاپۆرتی ئێوە دارایی گشتییەو بەپێی داواکاریی لە بەردەستی هەمووادا دەبێت.

**ئینشورانسی نەخۆش**

ئینسورانسی نەخۆش زۆرتر ئەو زیانانەی کە بە هۆی چارەسەرکردنی جێبەجێ کراو لەلایەن نەخۆشخانە، هەڵەمەتی نشتەرگەری پزیشکەکان یان نشتەرگەری ددانەوەیە لەبەر دەگرێت. ئەمە بەو واتایە کە ئێوە پاش پشکنینی ڕاپۆرتەکە مافی وەرگرتنی تاوان و خەسارتان هەیە. ڕاپۆرتەکە دەبێت لە ماوەی خولێکی سێ ساڵەدا پێشکەش بکرێت. بۆ زانیاریی زۆرتر بە نووسینگەی کۆمیتەی ڕاوێژکاریی نەخۆشەوە پەیوەندی بکەن.

ئەگەر پێویست بوو ئێوە دەتوانن لە خزمەتگوزاریی وەرگێرانی زارەکی کەڵک وەرگرن. کاتێ کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئێوە ڕێکدەخرێت، تکایە ئێمە لە پێویستی خۆتان بۆ وەرگێری زارەکی ئاگادار بکەنەوە. پاشان کارگێرانی چاودێریەکانی تەندروستی بۆ ئامادەبوونی وەرگێری زارەکی لە کۆمپانیایەکی وەرگێران کاری پێویست جێبەجێ دەکەن.

**زانیاریی پێوەندیدار بە پەیوەندی کردن:**

Landstingens Ömsesidiga Försäkringsbolag
Box 178 30, 118 94 Stockholm
تەلەفۆن 08 551 010 00
ناونیشانی ئینتەرنێتی www.patientforsakring.se

**ئینشورانسی دەرمان**
ئەگەر لەو زیانانەی کە بە هۆی بەکارهێنانی دەرمانێ کە لە سویدا فرۆشراوە لە ڕەنج دان، دەتوانن ئەوە بۆ ئینشورانسکاری دەرمان ڕاپۆرت بکەن. سەرنج بدەن کە ئێوە مەرجی پێویستتان نییە بۆ قەرەبووکردنەوەی هەرجۆرە زیانێکی لاوەکی یان زیانێ کە بە هۆی خراپ بەکارهێنانی دەرمانەوە بێت. زیانی لەبەرچاو گیردراو لانی زۆر تا سێ ساڵ پاش ڕوودانی ئەوە ڕاپۆرت بکەن.

**زانیاریی پێوەندیدار بە پەیوەندی کردن:**
Försäkringsbolaget Zürich
Box 5069
102 42 Stockholm
تەلەفۆن 08 57 93 30 00
ناونیشانی ئینتەرنێتی www.lakemedelsforsakringen.se

**داخوا دەتانەوێت ببنە ڕاوێژکار؟**
کۆمیتەی ڕاوێژکاریی نەخۆش بەرپرسایەتی هەڵبژاردنی کەسانی پاڵپشت لەلایەن نەخۆشانی دەروونی بە شێوەی یاسایی سنووردار، بە ئەستۆیە. پاڵپشت بوونی کەس بە واتای یارمەتیدانی نەخۆشە لە کێشە تاکەکەسیەکاندا بە شێوەی تەواوەتی نهێنی و هەروەها پاراستنی پەیوەندی لەگەڵ کۆمیتەی ڕاوێژکاریی نەخۆش. کەسانی پاڵپشت فێر دەکرێن و یارمەتی دەدرێن و هەروەها پاداشتی ماڵی وەردەگرن. ئەگەر دەتانەوێت وەها کارێک بکەن پەیوەندی بکەن بە نووسینگەی کۆمیتەی ڕاوێژکاریی نەخۆش.

**پەیوەندی بکەن بە بریکاری کۆمیتەی ڕاوێژکاریی نەخۆش لە ئەنجومەنی Kronoberg County دا**
تەلەفۆن: ,58 85 43 ,0470-58 85 42 پۆستی ئەلێکترۆنیک: landstinget@ltkronoberg.se